ڕاگەیاندنی پێکهێنانی :

## کۆمیتەی دژی هەڕەشەکانی تورکیا بۆسەر کورستان لەئوستراليا

ماوەی چەند هەفتەیەکە جارێکی تر حکومەتی تورکیا دەستی داوەتە هەڕەشەی لەشکر کێشی وتۆقاندنی خەلکی مەدەنی و بێتاوانی کوردستان بیانۆی ئەمجارەشی بوونی پەکەکەیەلەناو کوردستان کەهەموو لایەک دەزانین ئەمە تەنها بیانۆیەکی لاوازە .

بۆیە بەگیانی هەست کردن بەلێپرسیارێتی بەرامبەر بەژیان و سەرو سامانی خەلکی بێتاوان و شان بەشانی بزووتنەوەنارەزایەتیەکانی تر هەم لەکوردستان و هەم لەدەرەوە ، ڕەوەندی کوردی لەشاری سیدنی/ئوستراليا ڕۆژی یەکشەممە 2007/11/4 کۆبوونەوەیەکی فراوانی سازدا بەمەبەستی هەلوێست وەرگرتن دژی ئەو هەڕەشە و لەشکرکێشیە .

پاش لێدوانێکی تێروتەسەل لەسەر ئەم بارودۆخە و بەمەستی دەربڕینی نارەزایەتی هێمنانە ولەچوارچێوەی یاسادا تا ئەوکاتەی حکومەتی تورکیا پاشگەز دەبێتەوە لەهەڕەشەکانی خۆی ، کۆمیتەیەکی 11 کەسیان هەلبژارد .

ئەم کۆمیتەیە کۆمیتەیەکی سەربەخۆیە وبۆ پشتگیری کردن لەخەلکی کوردستان و نارەزایی دەربڕین بەرامبەر هەڕەشەکانی تورکیا کارەکانی ئاراستە دەکا .

ڕۆژی 2007/11/5 کۆمیتەکە یەکەم کۆبوونەوەی خۆی سازدا ولەسەر کۆمەلێک شێوازی نارەزایەتی دەربڕین و کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ خەلکی کوردستان ڕێککەوت و هەرئێستا لە هەولی ئەوەدایە کەیەکەم هەنگاو لەرێکخستنی بزووتنەوەی نارەزایەتیدا ساز بدات .

جا لێرەدا ئێمە بانگەوازی سەرجەم ڕەوەندی کوردی لە ئوستراليا وگشت لایەن و کەسایەتی ئازادیخواز دەکەین کەبەهەر جۆرێک بۆیان دەکرێ پالپشتی کارەکانی کۆمیتەکەمان و ئامانجە ڕەواکانی بکەن .

**کۆمیتەی دژی هەڕەشەکانی تورکیا بۆسەر کوردستان لە ئوستراليا**

2007/11/09